# سیناریۆی هەلبژاردن وخواستی ڕیفراندۆم بۆسەربەخۆیی دووپرۆسەی دژبەیەکن وهەرگیز یەکناگرنەوە!

## تیشکێك بۆ سەر چاوپێکەوتنەکەی نێچیرەوان بەرزانی لەگەل مەهاباد قەرەداغیدا

**محمد غفور/ هۆلەندا**

15کانوونی دووەم2005

mgafor@yahoo.com

**لەچاوپێکەوتنێکدا کەمەهاباد قەرەداغی لەگەل نێچیرەوان بەرزانی سەرۆکی حکومەتەکەی پارتی دیموکرات سازی کردووە، وە لەوەلآمدانەوەی بەپرسیارێکی زۆر گرنگدا کەئاراستەی کردووە،بەڕوونی قورسایی وگوشاری خواستی ڕیفراندۆم بەرلەهەلبژاردن بەوەلآمەکەی نێچیرەوانەوە ئەبینرێت،وەهەول دەدات ماناو ناوەرۆکێکی هاوتای هەلوێستی بزووتنەوەی کوردایەتی وحیزبەکانی بدات بەڕیفراندۆم وئەم خواستە بەلاڕێدابەرێت.**

**گەوهەری پرسیارەکەی مەهاباد قەرەداغی بەمشێوەیە:خەلك بەشێوەیەکی گشتی داوای ئەوە دەکەن کەڕیفراندۆمێك سازبکرێت بۆیان لەکوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئەم کۆمەلگایە.بۆئەم مەبەستەش 2ملیۆن ئیمزاکۆکراوەتەوە.ئێوەش،مەبەستی پارتی دیموکرات ویەکێتی نیشتمانییە،چارەسەری مەسەلەی کورد لەبەغدا دەبیننەوە وبۆیەش بەئەوپەڕی تواناتانەوە هانی خەلك دەدەن بۆ بەشداریکردن لەهەلبژاردندا.وەلآمی خەلك چۆن دەدەنەوە وچۆن قەناعەتیان پێدەکەن کەبەبێ ئەو ڕیفراندۆمە بەم چارەسەرە هەرەمەکی ونادیارەی ئێوە ڕازی بن کەپەلکێشیان دەکەنەوە بۆ ناو چوارچێوەی عێراق؟وەلآمی نێچیرەوان بەرزانی بەم پرسیارە وەلآمی هەموو حیزبەکانی ناسیونالیزمی کوردە.بەلای ئەوانەوە هەموو ڕێگایەك دەبێ بچێتەوە بانە!ناسیونالیزمی کورد پێی وایە لە"ئەزەلەوە"ئەوان کراونەتە دەمڕاستی خەلکی کوردستان.ئەو دەلێ،"ئێمە ڕێزدەگرین لەداخوازی خەلکی کوردستان وپشتگیریش دەکەین لەو بزافە...بەلای ئێمەوە بەشداربوون لەهەلبژاردن پێچەوانەی ڕیفراندۆم نییە!. "لەولاترەوە دەلێ،"بەشداربوون لەهەلبژاردن وچەسپاندنی مافی ڕەوای خەلکی کوردستان لەدەستووری هەمیشەییدا، لەگەل خواستی ڕیفراندۆم لەلایەن هاوولآتیانەوە دوو پرۆسەی دیموکراتین، یەکدەگرنەوە!".بەلآم ئەمڕۆ کۆمەلگای کوردستان بەقۆناغێکی چارەنووسسازدا تێدەپەڕێ وخەلك بەچاوکراوەییەوە ئەیانەوێ دەخالەت بکەن لەچارەنووسی کۆمەلگاکەیاندا.هەر ئەمەش بەلگەی پووچی ئەو قسەیەیە کەدەلێ ڕێزدەگرین لەخواستی خەلکی کوردستان.تەنانەت چاودێری دەرەکیش بەئاشکرا هەست بەوە دەکەن کەکۆمەلگای کوردستان سەبارەت بەهەلبژاردن بۆتە دووبەشەوە.لەلایەك بزووتنەوەی ناسیزنالیزمی کورد وحیزبەکانی شوێن سیاسەت وبەرژەوەندی حیزبی وتایبەتی خۆیان کەوتوون، ولەسەر ئەوە بڕاونەتەوە کەبەشداری دەکەن لەگالتەجاڕی هەلبژاردندا،وبۆئەم مەبەستەشیان بەگەرمی بەوەعد وبەلێنی فریوکارانە ئەیانەوێ خەلك بکێشنە ناویەوە. لەلایەکی تریشەوە خەلکی کوردستان خوازیاری ڕیفراندۆمێکن بەرلە هەلبژاردن هەتا خۆیان ئازادانە بڕیار بدەن لەسەر چارەنووسی کوردستان.ئەم دوو ئاراستە سیاسییە لەدوو گۆشەنیگای جیاواز ودوو بەرژەوەندی سیاسی جیاوازەوە سەریان هەلداوە وئەڕواننە هەلبژاردن. ئەم دوو شتە بەپێی مەنتیقی بابەتی ناتوانن یەکبگرنەوە،وەلەبنچینەدا یەکێکیان ئەوی تریان لەناو خۆیدا هەزمدەکات.زۆر بەسادەیی ناسیونالیزمی کورد نەك هەر ئێستا،هیچ کاتێك نەویستوویەتی ونەلەبەرنامەشیدا بووە مەسەلەی کورد چارەسەربکات.چونکە فەلسەفەی بوونی ئەو شەریکبوون بووە لەدەسەلآتدا،یاخود گەیشتن بووە پێی بەهەر شێوازێك بێت.وە ئەم مەسەلەیەی بۆ ئەم مەرامەی بەکار بردووە و سات وسەودای پێوەکردووە. سەیرکەن،ئێستا کە14سالە کوردستان تاڕادەیەك سەربەخۆیە،ولەم ساتەوەختەشدا کەبڕیارە دوای 80سال دەولەتی عێراق دابمەزرێنرێتەوە،دەرفەتی ئەوە کراوەتەوە خەلك ئیرادەیان بخەنەگەڕ وخۆیان بڕیار بدەن لەسەر چارەنووسی خۆیان لەڕیفراندۆمێکدا، ئەبینین ئەم بزووتنەوەیە دژی ئەم خەلکە وئەم خواستە وەستاوەتەوە،وخەریکن دووبارە ڕاپێچیان دەکەنەوە بۆ ژێر ڕکێفی دەسەلآتی فاشیستی قەومی ئیسلامی لەعێراقدا.خەلکیش کەدەیان سالە هەر بەم هۆیەوە کەبەزۆر بەعێراقەوە لکێنرابوون،وخەباتیان کردووە بۆ ڕزگاربوون،کوشتارکراون ئەنفال وکیمیاباران کراون،ئێستا نایانەوێ بەبێ پرس وڕا پێیان بکرێنەوە هاوولآتی پلەدووی عێراق.بەم هۆیانەوە ئەم دوو پرۆسەیە،یانی هەلبژاردن و ڕیفرادۆم لەڕیشەوە دژ بەیەکن وبەگوێرەی مەنیق مەحالە یەکبگرنەوە.بۆیە هەولەکانی نیچیرەوان وبزووتنەوەی کوردایەتی بۆلەباربردنی ئەم خواستە سەراسەری وجەماوەرییە نیشانەی دوژمنایەتی سەرسەختی ئەوانە لەگەل خەلکی کوردستاندا،لەلایەك،ولەولای تریشەوە نیشانەی تەنگەتاوبوونی ئەم حیزبانەیە لەشکلگرتن وبەرفراوانبوونی خواستی ڕیفراندۆم،سەرەڕای فریوکارییەکانیشیان.**